قوباد تاڵەبانی پێشوازی کرد لە کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران

ئەمڕۆ چوارشەممە، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەسرەدین هاشنودی کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولایان تاوتوێ کرد.

نوسینگەی راگەیاندی قوباد تاڵەبانی لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە: قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم پێشوازی کرد لە نەسرەدین هاشنودی کونسوڵی گشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و پێکەوە چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولایان تاوتوێ کرد. ئاشکراشیکرد: لە سەرێتای کێبوونەوەکدا کە رۆژی چوارشەمە لە هەولێر بەڕێوەچوو، باس لە چنییەتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئێران بە تایبەت لەووی بازرگانییەوە کرا، لەو چوارچێوەیشدا شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم کاروبارەکانی کۆمپانیا ئێرانییەکان و ئاسانکاریکردن بۆیان تاوتوێ کران. هەر لە راگەیەنراوەکدا هاتووە، کە جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم ئاماژەی بۆدا: لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی گەورە بۆ وەبەرهێنان لە بواری جیاوازدا هەیە و حکومەتی هەرێمیش کارئاسانی پێویست بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی دەکات. لە بەرامبەریشدا کونسوڵی گشتی ئێران ئامادەیی وەاتەکی نیشاندا بۆ کارئاسانیکردن بۆ بازرگانانی هەرێم و بەهێزترکردنی پەیوەندیی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران. هەروەها لە راگەیەنراوەکدا هاتووە، لێبڕشکی دیکەی کێبوونەوەکدا گفتوگۆکرا لەبارەی

کۆشکانی نەوان هەرەم و بەغدا. قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بۆکرد؛ هەوڵی جدی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موچە و بودجەی هەرەمی کوردستان و گفتوگۆکان لەوبارەیەوە بەردەوامن، وتیشی: بە لایەنی کەمەوە دەبێت بۆ خەرایی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی موچە رێکبکەوین و پێویستە ئەو تێگەیشتنە لە بەغدا دروست ببێت کە نابێت پرسی موچە تێکەڵ بە کێشکانی دیکەی نەوان هەرەم و بەغدا بکرێت. لە تەوەرکی دیکەی کەبوونەوەکەدا باسی هەڵبژاردنەکانی ئێنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و بە تایبەتیش لە کەرکوك کرا. هەردوولا هیوایان خواست پرسەی هەڵبژاردنەکان لە کێشکی ئارامدا بەڕێوەبچێت و ئێنجامەکەی لە بەرژەوەندیی هەموو هاوڵاتیانی عێراقدا تەواوببێت. سەبارەت بە دەخی کەرکووکیش جەگری سەرك وەزیران رایگەیاند: ئێستا لە کەرکوك جیاوازی دەکرێت لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو شارەدا و دەبێت لە دوای هەڵبژاردنەکان دەخڵك بڕێتە ئاراوە کە هەموو پێکهاتەکان هەست بە دڵنیایی بکەن لەوەی چیتر پەراوێز ناخرێن و بەبێ هیچ جیاوازییەك خزمەت بکرێن.